# ڕەنگدانەوەی جەنگی ناوخۆیی باشوری كوردستان
# لە شیعرەكانی عەبدوڵا پەشێودا

م.ی شوانە نوری عەبدوڵلا / ماستەر لە ئەدەبی كوردی
زانكۆی هەڵەبجە

## پێشەكی :

جەنگ،ڕەگێكی هەرەكۆنی مێژووی هەیەولەگەڵ دروستبوونی مرۆڤ وگەشەكردنی هزری مرۆڤایەتیدا سەری هەڵداوە، زۆرجار جەنگ تاقە هەڵبژاردن بووە بۆ یەكلاكردنەوەی ململانێكان ، لەبەر ئەوە قسەكردن لەجەنگ وەك چەمك، ودیدگاو ڕەهەندی فرە لایەنی دەوێت ،هەر جەنگێك بۆخۆی ئامانج وتایبە تمەندی خۆی هەیەو بە پێی هەلومەرجی ڕامیاری وئابوری وهزری كۆمەڵگاكانی دونیا جیاوازیان هەیە لەڕووی كات وشوێن وئاما نجەوە.

هەرچەندە جەنگ جگە لە ئاسەواری خرا پو زیندوكردنەوەی شتە كۆنەكان وبەسوتەمەنی كردنی گەوهەری خودی مرۆڤایەتی،حە تمیێتێكی مێژوویە ولەمێژووی هەمووكۆمەڵگاكانی دونیادا ڕویداوە،ئەمە جگە لەوەی جەنگ بەرهەمی هزری داگیركاری و بەرژەوەندییە، لایەنێكی سایكۆلۆژیشی هەیە لەدەروونی هەموو مرۆڤێكدا ،بۆیەكۆمەڵی كوردییش لەولایەنەوە هیچ جیاوازیەكی نیەلەگەڵ تەواوی كۆمەڵەكانی تری دوونیا،كەمێژووەكەی پڕیەتی لە ململانێی خوێناوی،جا زۆر جار ئەو جەنگانە لە پێناو خواستی نەتەوەیەتیدا بووە وبەسەریدا سە پێنراوە، زۆر جاریش جەنگی ناوخۆیی وململانێی بەرژەوەندییەكان بووە،كە گەلی كورد لەوەتەی مێژوو هەیە بەدەست ئە مجۆرەیانەوە دەناڵێنێت، هەتاوەكو هەنووكەش هزری مرۆڤی كورد ناڵێین بەرەهایی،بەڵام بەشێوەیەكی گشتی ئەم ئاستەی تێنە پەڕاندووە،بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم تویژینەوەیەی لەسەربكەین، بەشێكی زۆر لە ژانەرە ئەدەبییەكان بەگشتی وشعر بەتایبەتی ئەم بابەتە ڕەنگی تیا داوەتەوە،جا بۆیە ئێمە زیاتر لە ڕوانگەی ئەدەبەوە قسەمان لەمبارەوە كردووە .

١- ناونیشان وبواری نامەكە : ناونیشانی نامەكە بریتییە لە ( جەنگی ناوخۆیی باشووری كوردستان و ورەنگدانەوەی لەشعرەكانی پەشێو)دا. بە پێی ئەو مێژووانەی ئەوجەنگەی تیادا ڕوویداوە وشاعر لە نێوشیعرەكانیدا وێنای كردوون قسەمان لەسەركردووە.

٢- سنوری لێكۆڵینەوەكە : ئەم لێكۆڵینەوەیە زیاتر گرنگی دانەبەشیعرەكانی ( عەبدوڵڵا پەشێو ) چونكە لەنا وهەموو شاعیرانی تری گەلەكەماندازۆرترین بەرهەمەكانی بۆجەنگی ناوخۆتەرخان كردووە .

٣- ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە :

ئەورێبازەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێڕەوکراوە ،ڕێبازی (وەسفی - شیکاری )یە ،کەبۆمەبەستی شیکردنەوەی دەقەشعرییەکان بەکارهێنراون .

٤- گرنگی لێکۆڵینەوەکە :

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە لەدووخاڵی جەوهەریدا خۆی دەبینێتەوە :**

أ ) کردەی جەنگی ناوخۆ ئەودیاردە دزێوە بوو، کەدەیان ساڵ گەشەی گەلەکەمانی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بەرەوپاش گەڕاندەوە، ئەوە جگەلەوەی سەدان مرۆڤ بوونە قوربانی...هەتا هەنوکەش هەمان ترس وڕووداو لەسەر گەلەکەمان بوونی هەیەو نەڕەویوەتەوە، هەر بۆیە زۆر گرنگە ئەمڕووداوە مێژوویيە، کەخاڵێکی لاوازو نەگریسە بەسەر ئەزمونی سیاسی وکۆمەلأیەتی گەلەکەمانەوە بەردەوام توێژینەوەی لەسەر بکرێت بۆ مەبەستی دووبارە نەبوونەوەی . لەلایەکی تریش ئاشناکردنی نەوەی فێرخوازی نوێیە بەوڕووداوە ، کەگەلەکەمانی توشی گەورەترین ماڵ وێرانی کرد.

ب ) خاڵی دووەم ،کەمەبەستی سەرەکی ئێمە خودی ئەدەبە،کە تاچەند کاریگەری هەیەلە ڕووداوە مێژوویی و کۆمەلأیەتیەکاندا بەچاك یان خراپ، دەمانەوێت بڵێین ،کە هەرگیز ناتوانرێت ئەدەب دابڕێت لەکایە کۆمەلأیەتیەکان ،بەو واتایە ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقیعە، بەلأم بەشێوازێکی جیاوازتر

٥- بەشەکانی نامەکە :

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی ودووبەش وئە نجام پێکهاتووە ، کەبەم شێوەیەی خوارەوەیە :

بەشی یەکەم :- تەرخانکراوە بۆشیکردنەوەی زانستیانەی چەمك وزاراوەکە لەڕووی تیۆرییەوە ، وەدابەشمانکردووەبەسەر دوو پاردا :

پاری یەکەم : تەرخانکراوە بۆخستنەڕووی چەمك وپێناسەی جەنگ .

پاری دووەم : تەرخانکراوە بۆڕۆڵ وکاریگەری ئەدەب لەجەنگ دا .

بەشی دووەم :- پراکتیکیەوتەرخانکراوە بۆ شیکارکردنی شیعرەکانی پەشێوو هەڵوێستی شاعیر لەبەرامبەر جەنگی ناوخۆدا.

لەکۆتایشدا ئەنجام ولیستی سەرچاوەکان وکورتەی باسەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی وئینگلیزی خراوەتە ڕوو.

پاری یەكەم :

## جەنگ

## چەمك و پێناسە

بەسەرنج دانێكی ورد لەمێژووی مرۆڤایەتی ،دەبینیت شەڕوململانێ بابەتێكی هەرە دیارو بلاَون بۆ یەكلاكردنەوەی كێبركێكان، جائامانج وسەرئە نجامەكانی بە هەر بارێكدا كەوتبێت ؟ بوونی جەنگ لەمێژووداو لای مرۆڤ بەو پانتاییە زۆرەو بەو ڕیشە قوڵەیەوە بەتەنیا وابەستەنیە بەهەستی شەڕانگێزانەو غەریزەی خودی مرۆڤەوە، بەڵكو پەیوەستیشە بەحەتمیێتێكی مێژوویی ودەرئە نجامی پێگەیشتنی هزری ڕامیاری خودی مرۆڤە، كەواتە ئەگەر جەنگ لەناوەڕۆكدا ناتەبایی وسەرئێشە بوویێت . ئەوا لەڕوانگەی ڕاستیە مێژووییەكەی لەلایەك و گەشەی خودی مرۆڤ لەلایەكی ترەوە پەناگەو بگرە چارەسەرو پیرۆزیش بووە ، هەندێك جار بۆمرۆڤ جەنگ نزیكترین هەڵبژاردن بووە بۆ چارەسەركردنی كێشەكانی هەر بۆیە،ئەگەر گیانی لێبوردەیی ودژە جەنگ ئاماژەگەلێكی تەندروست بوون بۆمرۆڤ و وە لەناو مێژوودا كەسایەتی پاڵەوانی بۆ بەرجەستەكردبن ،ئەوا بەهەمان شێوە چاونەترسی و بەهێزی وقارەمانێتی وفیداكاری لەبەرەكانی جەنگدا هەمان كەسێتی پاڵەوانانەی بەمرۆڤ بەخشیوە : مێژووی نەتەوەكانی جیهان بەبێ جیاوازی لێوان لێون لەبەسەرهاتەكانی شانازی كردن بەهێزی زەبەلاح وسوپای بێ ئەندازەوسەركەوتن وشەهامەتی بەرەكانی جەنگ .

ئەگەر ئەمڕۆش لەمێژووی نوێی ژیانی مرۆڤایەتی بنوارین دەبینین لەم سەدەیەدا كە سەدەی بیست ویەكەمینە دەهۆڵی مافی مرۆڤ ودیموكراسیەت لەمیدیاكانی جیهانەوە ئاڕاستەی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەكرێت ،هەرئالەم كات وساتەدا لە پێناوبەدەست هێنانی سەرمایەی زیاتری كۆمپانیا مۆنۆپۆڵەكان دا ،بەهەزاران مرۆڤ دەبنە قوربانی جەنگە نامرۆڤایەتییەكان ولەناودەچن ،لەدونیای ئەمڕۆدا لەجێگایەك بانگەوازی هزری پۆست مۆدێرنێتەو ئازادییە بێ سنورەكانەو لەسەرزەمینی ڕاستەقینەشدا ئەم جیهانەیان بە بیانوی جۆراوجۆر كردۆتە بازاڕێكی گەرمی جەنگ بۆ مرۆڤەكان، كەدوور لەهەموو بەهایەكی بەرزی مرۆڤانە چینەكانی كۆمەڵ دەبنە سووتەمەنی ئەوجەنگە ناداتپەروەرانە .

(( جەنگ واتا پەلاماردانی چەكدارانە لەنێوان ولاَتاندا ،یان لەنێوان چینەكاندا لە پێناوی چەند ئامانجێكی سیاسی وئابووریدا ))[1] . لەڕوانینی بۆئەم پێناسەیە بەوئاڕاستەمان دەبات،كەجەنگ وەك چەمكێكی گشتی ناسێندراوە ،كەئامانجی سیاسی وئابووری بەهۆكاری سەرەكی دادەنێت، دەستدرێژی وجەنگە هەرێمایەتییەكانی ئەمڕۆ سەلمێنەری ئەوڕاستیەن لەلایەك وگەلەكۆمە نێو دەوڵەتییەكانیش هەمان ڕاستی دەسەلمێنن .لەهەمان سەرچاوەدا بەجۆرێكی تر پێناسەی جەنگ كراوە كە دەڵێت:- (( جەنگ دیاردەیەكی كۆمەلاَیەتی ومێژووییە ،واتا لە قۆناغێكی مێژوویی كۆمەڵی ئادەمیزاد دا دەستپێدەكات و پەیوەندی بەهەل ومەرجی ژیانی كۆمەڵەوەیە لەقۆناغێكی تری مێژوویی كۆمەڵدا تەواودەبێت ))[2] .

لەدیدگای ئەوبۆچونەی سەرەوە بەو چەمکە دەگەین،کەرووودانی جەنگ پەیوەندی بەقۆناغێکی تایبەتەوە هەیە لەگەشەی هزری مرۆڤایەتی لەنێو چوار چێوە مێژووییەکەیدا بەومانایەی کۆی کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەهەمان قۆناغدا تێپەڕدەبێت ،چونکە ئەم بارە حەتمیێتێکی مێژوویی هەیە، کەلەواقعی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەم ڕاستییە بەدی دەکەین، بەڵام لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات کە ئایا تەواوی کۆمەڵە جیاوازەکانی سەرزەوی لەهەمان باری کۆمەڵایەتیدا مەبەست گەشەی هزری کۆمەڵە،بەوواتایەی سەرهەڵدانی هزری جەنگ لە ڕوانگەی چوار چێوەی مێژووییەکەی لەیەك قۆناغی گەشەی سیاسی وئابووریدا لەهەموو کۆمەڵەکانی جیهاندا ڕوودەدات لەڕاستیدا نەخێر، چونکە هەلومەرجی خودی وبابەتی ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت ولەگەڵ ئەوەشدا هۆکارو کەرەستەکانی ئەو جەنگەش،کەئێمە زیاتر مەبەستمان جەنگە ناوخۆییەکانە جیاوازن.بۆ نمونە ،ئەگەر لە ئەمەریکا سیاسەتی ڕەگەزپەرستی وڕەنگ پەرستی هۆکارێکی ئەو جەنگە بووبێت،ئەوا لە چین ململانێی چینایەتی لەنێوان چەوسێنەران وجوتیاراندا دەبنە فاکتەری بنەڕەتی بۆهەڵگیرساندنی جەنگی ناوخۆهەروەك ڕابەری شۆڕشی چینی( ماوتسی تۆنگ )دەڵێت (( کشتوکاڵ وەك بنچینەو پیشەسازی وەك سەرکردە ))[٣].

**پاری دووەم:**

**(( ڕۆڵ وكاریگەری ئەدەب لەجەنگدا ))**

**١- ڕۆڵی نیگەتیڤانەی ئەدەب لەجەنگدا**

ئەگەر بڕوانینە مێژووی مرۆڤایەتی،دەبینین لەناو ئەو مێژووەدا هەموو شتەكان سەریان هەڵداوەو دروست بوون ، واتا مێژوو ئەفرێنەری هەموو شتەكانە ، هەرلەنێوەندی ڕووداوە مێژووییەكاندا حوكمی باش وخراپ سەریان هەڵداوەو پلەو پێوانەی باش وخراپ ئەفرێندراوە ،هەڵوێست و بێ هەڵوێستی ،ئازاوترسنۆك ...هتد. (كارل ماركس)لەیەكێك لەنوسینەكانیدا دەڵێت:- (مرۆڤ لەناو مێژوودا دروست دەبێت،ئەم دروست بوونەش ئاگامەندانەیە،مرۆڤ بونەوەرێكە بەئاگاوە خۆی ڕەددەكاو خۆی دادەهێنێت مێژووش سروشتی وڕاستەقینەیەكی مرۆڤانەیە )[٤] .بەهەمان شێوە ئەدەبیش سروشتی و ڕاستەقینەیەكی مرۆڤانەیە، مێژوو ئەدەبمان بۆ دەنوسێتەوەو بەهەمان شێوە لەئەدەبدا وێنای ڕووداوە مێژووییەكان بەرجەستە دەكرێتەوە، هەروەك (گۆڵدمان) دەڵێت :- ( پێویستە پسپۆڕانی بواری سۆسۆلۆجی لەڕێگەی كۆمەڵەوە لەئەدەب بگەن ))[٥].

ئەوە ڕاستییەكە ،كەئەدەب هەمیشە لەگۆڕانكارییە مێژووییەكاندا لەناوكۆمەڵدا شانبەشانی لایەنە ئابووری وڕامیارییەكان ڕۆڵی بەرچاوی بینیوە ،لەبەرئەوەی خودی جەنگ كردەیەكی كۆمەلایەتیە، بەهەمان شێوە ئەدەبیش ئەركی كۆمەلایەتی هەیەكەبریتییەلە :- (وێنەگرتنی گرفت ونەهامەتی خەڵك و هەموو ئەو ئازارانەی كۆی میلەت بەدەستیەوە دەناڵێنن ولەهەمان كاتدا دەبێتە نوێنەری هیواو ئاواتەكانیان )[٦] . كەواتە ئەدەب وكۆمەڵ دوانەیەكی پێكەوە بەستراون ڕۆڵ وكاریگەریان لەسەر یەكتر دەبێت ،كەواتە ئەگەر كۆمەڵگا كۆمەڵێكی ئازاد بێت ئەوا ئەدەبەكەشی ئەدەبێكی ئازاددەبێت (سارتەر) وەك ئەدەبێك دەڵێت : (ناتوانم خۆم بەئازاد بزانم تائازادی ئەوانی تر پەسەندنەكەم )[٧]. لەلایەن زۆرێك لەئەدیب وئەدەب دۆستانەوە لەڕێگەی پێناسەكانیانەوە بۆئەدەب،ئەم ڕاستییەیان سەلماندووە،لەئەدەبیاتی كوردی وجیهانیشدا قوتابخانەیەكی ئەدەبی زیاتر پێدادەگرێت لەسەر ئەو كاریگەرییەی كە ئەدەب لەسەركۆمەڵ هەیەتی،كە قوتابخانەی (ڕیالیزمی )ە ،كە هەمیشە ئەدەب وەك فاكتەرێكی بنەڕەتی تەماشادەكات لە چارەسەركردن وگۆڕانكارییە كۆمەلایەتیەكاندا .

مادام ئەدەب دەربڕینی هەست وسۆزی ناخی مرۆڤە،وە مرۆڤیش بونەوەرێكی كۆمەلایەتیە،ئەوا بەشێوەیەك لەشێوەكان دەكەونە ژێر كاریگەری یەكترەوە، بۆئەم بۆچوونە وتەیەك دەهێنینەوە،كە دەڵێت :- ((مادام ئەدەب كردەیەكی كۆمەلایەتییە چاك یان خراپ لەكۆمەڵدا كاریگەری دەبێت )[٨]. ئە وچەند بۆچوونەی سەرەوە بەسە بۆ ئەوەی بزانین ئەدەب چەندە كاریگەری هەیە ،لە كۆی كایە كۆمەلایەتیەكاندا .ئێمەدەبێت ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەكەین ،كەخودی مرۆڤ بەرپرسەلە ئاست هەمووكەس وشتێكدا،جائەم بەرپرسیارێتییە شێوازو هەڵوێستی تاییەتی هەیە :بۆنمونە ( محمود دەروێش )ی شاعیر

دەڵێت : ( ئاڕاستەی شیعری من بۆپێشكەشكردنی پێناسەی نەتەوایەتییە )[9] .

زۆرێك لەشاعیران ونووسەران لەكاتی شەڕی ناوخۆدا لە پێناوی بەرژەوەندی تەسك وتایبەتی خۆیاندا ئەوەی لەیادیان نەمابوو بەرژەوەندی گەل ونەتەوەكەیان بوو، چونكە ئەوان لەبیریان چووبوو شاعیرو زمانی شیعری پێناسەی نەك هەر نەتەوەیەك، بەڵكو جیهانیش دەكات!( بۆدلێر )دەڵێت :- ( جیهان لەشێوەی شیعرێكی بزردایەو شاعیریش وەرگێڕی جیهانە )[10]

كەواتە شاعیرو نووسەران وەك مرۆڤێك زۆرترین ڕۆڵ وئەركیان لەبەرامبەر نیشتیماندا دەكەوێتە سەرشان، بەلاَم ئەگەر لەو قۆناغەی جەنگی براكان لەباشوری كوردستان بڕوانیین ئەوە بەڕوونی ڕۆڵی خرا پی بەشێكی زۆر لەو شاعیرو نووسەرانە دەبینیین، هەرچەندە ئەوەڕوونە ئەوجەنگە زیاتر هۆكارێكی سیاسی وبەرژەوەندی خواست بوولە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی پارتە سیاسیەكان خۆیاندا دەیانویست هەموو جومگەكانی ژیانی كۆمەلاَیەتی پاوەن بكەن بەخواستی خۆیان، نووسەران وشاعیرانیش بەشێكی زۆریان كەوتنە ژێر ئەو كاریگەریەو دەورێكی باشیان نەگێڕا، زۆرێك لەنوسەران وئەدیبان هەستیان بەبەرپرسیارێتی مێژوویی نەدەكردو كوێرانە لە پێناوی وەدەست هێنانی بەرژەوەندی تایبەتیدا لایەنگیری هێزێكیان دەكردو قەڵەمەكانیان وەك ئامرازێكی ناپەسەند ئاڕاستە دەكردو كاری سەرەكی خۆیان لەیاد كردبوو، كەلەڕاستی دائەمە پیشەی مرۆڤێك نیە كەخۆی بەڕۆشنبیرو شاعیر ناوزەد دەكات بەشێك لەو نووسەرانە لە پێناوی وەرگرتنی پارچەیەك زەوی یان هەندێك دەستكەوتی مادی ڕۆژنامەو كەناڵەكانیان بەوتاری زبرو وشەی تیژوتاڵ ئاوەدان كردبویەوەو هێزو گڕوتینی گەنجانی ئەم نیشتیمانەیان بەئاڕاستەیەكدا هاندەدا، كەلولەی تفەنگەكانیان ئاڕاستەی یەكتری بكەن ولەسەریەك گردودۆڵی خاكی خۆیان بەدەیان وسەدانیان بكەنە قوربانی، لەڕاستی دا لەوچەند ساڵەدا هێندە وشەی ناشرین دووتوێی ڕۆژنامەكانیان داگیركردبوو كە ئیتر جێگەی هیچ جۆرێك لەشانازی نەدەبویەوە .

ڕۆڵی خرا پی نووسەران لەڕێگەی قەڵەمەكانیانەوە ئەركی ئەدەبی لەجۆشدانی هەستی نەتەوایەتی ومرۆڤایەتیەوە بۆ نامرۆڤایەتی گواستەوە، ئەركی شیعری لەمۆسیقاو ئیستێكاو فەنتازیا دابڕاندو وێنەی جەلادێكیان بە بەرداكرد، كەدەتوانم بڵێم ناشرینترین قۆناغی ڕۆشنبیری بوو لە مێژووی گەلی كوردی باشوردا. كاری ئەدەب كاری مردن نییە، بەڵكو سەرەكیترین ئەركیّ كەئەدەب دەیبینێت زیندوكردنەوەو گەشە پێدانی بەها مرۆڤایەتیەكانە، وەك ( د. یوسف سەلامە )دەڵێت : ( من ناتوانم وێنای بوونی مردنێكی ڕێژەیی ومردنێكی دیكەی ڕەهابكەم، ئەومردنەی توشی فەلەستینییەك دەبێت مردنەونوقتە، ئەومردنەی كوردێك ڕووبەرووی دەبێتەوە یان ئەمازۆنییەك یان جنوبیەك یان قبتییەك دیسان مردنەونوقتە لەهەموو حاڵەتەكاندا هیچی دیكە نابینیتەوە جگە لەیەك جۆری مردن كەڕهایە )[11]

كەواتە چ جیاوازییەك هەیە لەنێوان شاعیرێك كە بەشیعرەكانی ئاگری جەنگ جۆش پێدەدات، لەگەڵ سەربازێكدا كەبەفیشەكی تفەنگەكەی سنگی براكەی ئاگرباران دەكات ، لەكاتێكدا ئەمە جەنگێكی

داد پەروەرانە نەبێت؟! لێرەدا بەدیار دەکەوێت کەئەدیب وئەدەب دۆستانی ئەوقۆناغە بەرەهایی نا، بەڵکو بەرێژەیەکی زۆرنەیان توانیوە ئەدەب وەك ئەوەی کەخۆی هەیە ئاراستەی بکەن، چونکە ئیشی ئەدەب قسەکردنە لەجوانی ،گومانکردنە لە هەموو یەقینەکان هەوڵێکە بۆ ئاشتکردنەوەی دژەکان،هەروەك (مێلڤڵ)ی شاعیرو رۆماننوس دەڵێت : (هۆ شاعیرەکان باوەکوکیسەڵ وابن،کیسەڵ ئەوتوێکڵە قورسو بەردینەی سەرپشتی هەڵگرتووە،دەبا ئێوەش جیهان بخەنە سەرشان وبرۆن،بەلام مەرجە لەژێرئەوبارە قورسەدا گۆرانی خۆتان هەربچڕن)[١٢] .

کەواتە زۆر گرنگە بۆ شاعیران زۆر بەوردی گەوهەری راستەقینەی شتەکان بناسن ،دەبێت لەهەموو تەنگو چەڵەمەکانی ژیاندا خاوەنی هەڵوێستی نەدۆڕای خۆیان بن وئازاروبارگرانی گۆڕانکاری ونوێگەریان پێ نەگۆڕێت .

## ٢- رۆڵی پۆزەتیڤانەی ئەدەب لەجەنگدا

لە پەراوەکانی پێشتری ئەم باسەماندا ئەوەمان روونکردەوە،کەئەدەب رۆڵێکی گەورە دەبینێت لە رووداوە مێژووییەکاندا،چونکە ئەدەب بەگشتی وشیعر بەتایبەتی کردەیەکی کۆمەلایەتیە ومرۆڤ دەینوسێت،هەرچەندە شیعر بۆ خۆی رەنگدانەوەی هەست وسۆزی تاکە کەسە بەرامبەر بە چوار دەورەکەی ، بەلام خۆ شاعیریش لە ئەستێرەیەکی جیاوازەوە نەهاتووەو تاکێکی ناو کۆمەڵەو کاریگەری هەمان کۆمەڵی بەسەرەوەیە، لێرەدا گرنگ ئەوەیە تاچەند بزانی ئەدەب رۆڵی باش (پۆزەتیڤ)انە لەگەشەسەندنی بزافی رزگاری خوازی نەتەوەدا دەبینێت لەقۆناغە جیاوازەکانی مێژووی کۆمەڵدا.

ئەدەب بەهەموو ژانەرەکانیەوە بەگشتی وشیعر بەتایبەتی زۆر بەقوڵی کار لەسەر سۆزی خەڵکی دەکات وهەستیان ئاراستە دەکات،کەواتە پرۆسەی نووسین تایبە تمەندی وجادوی خۆی هەیەو یەکێکە لەخاسێتە هەرەگر نگەکانی مرۆڤ هەروەك (لۆرانس داریل)ی شاعیر دەڵێت: (نووسین وادەکات کەکەسێك ببێت بەمرۆڤ واتە نووسین رێگایەکەبۆ بەمرۆڤ بوون)[١٣].

ئەگەر لە وتەی ئەم شاعیرەوە بڕوانینە رۆڵی نووسین وئەدەبیات بەگشتی،ئەوا بەدیار دەکەوێت ئیشی یەکەمی ئەدەب گەڕانەوەیە بۆبەمرۆڤ بوون،ئەگەر کەمێك ئاوڕ لەرۆڵی ئەدەب بدەینەوە لەمێژووی گەلانی جیهان،ئەوا نمونەی وەك رۆمانی( دایك ) دەبینین،کەرۆڵی کاریگەری هەبووە لەبزافی شۆڕشگێڕی گەلی روسیادا. کەدیارە ئەو شۆڕشەشۆڕشێکی نیشتیمانی بوودژی دەسەلاتی خوێن مژی پاشایەتی.ئەمە جگە لە ئەدەبیاتی جیهانی کە پڕیەتی لە نموونەی جوان وگەورەی ئەدەبی، بەهەمان شێوە ئەدەبیات وشیعری کوردیش خاڵی نییە لەشاکاری ئەدەبی گەورە،کە شانبەشانی سەربازە ونەکانی رێگای رزگاری نەتەوە لەخەباتدا رۆڵ وکاریگەریان هەبووە، ئەگەر لەقۆناغەکانی سالأنی حەفتاو هەشتاکانی بنوارین دەیان دەقی نەمرو بەرز ئەفرێندراون،کە تا بەئەمڕۆش وێردی سەرزاری خەڵکانن. شیعر ئەوکات

نەك هەرڕۆڵی خرۆشاندنی هەستی لاوانی دەگێڕا،بەڵكوهەندێكجار هەروەك فیشەكێك جەرگی داگیركاران ونەیارانی ئەم گەلەیان بڕیوە،لەقۆناغی شۆڕشی داد پەروەرانەی چەكداری ئەم گەلەدا لەچیاكان شیعرو پێشمەرگە ئاوێتەی یەك سەنگەر بووبوون؟ هەروەك (شێركۆ بێكەس) پێشمەرگە دەكاتە هەوێنی زۆربەی هۆنراوەكانی، هەر لەو قۆناغەدا ئەدەبی كوردی ڕۆڵی گەورەتری دەبینی .

خەباتی گەلانی ژێردەستەی تری دەبەستەوە بە خەباتی گەلی كوردەوە،واتە ئەدەب تێڕوانینێكی زۆر مرۆڤانەی هەبووە بۆ كۆی ڕووداوەكان،وەك لەشیعری (بەنگلادیش)ی(شێركۆبێكەس)دا ئەوە دەبینرێت كەخەباتی گەلی كورد دەبەستێتەوە بەخەباتی گەلانی جیهانەوە .

دووڕیانی چاومان..لەناو؛
دڵێكایەكی گرتەوە
قوربانێكان ڕێبواری بوون.
لەشەوێكا..یەكمان ناسی
تاریكی قسەی ئەكوشتین
لەشەوێكا..ئەستێرەكان ڕفێنرابوون
یەكمان ناسی، لەكاتێكا
مردن خۆی بەژین ئەناسی
لەیەك ئەچین
بەرگی ئازادی هەردووكمان
بەقەدیەكن
بەیەك سكی برسی وتینوولەدایك بووین[١٤]

بەهەمان شێوە لەساڵانی حەفتاكاندا گروپێك بەناوی(ڕوانگە)وە سەریان هەڵدا هەروەك خۆیان دەڵێن گۆمی ئەدەبی كوردیان شڵەقاندووە،ئەدەبیان بەم جۆرە پێناسە دەكردو دەیان وت :-

(ڕوانگەخواز هەموو ئەو ئەدەبیە لاوانەیە،ئەو هونەرمەندانەیە نەترس وپاكن، وشەكانیان..كەرەستە كانی دەستیان. ..جولآنەوەیان...تابلۆكانیان ، شانۆیان ، وەك پێشمەرگە ئەچن بەگژ هەموو چەوسێنەرێكدا لەئەدەبداو لەدەرەوەی ئەدەبدا بەڵێ هەموو پێشمەرگەن )[١٥] .

بەهەمان شێوە ( عەبدوڵلا پەشێو )یش هەمان هەڵوێستی پێشمەرگانەی هەیە وشیعر وەك فریاد ڕەسێك تەماشا دەكات هەتا خەباتی گەلانی چەوساوەی جیهان پێكەوەگرێ بدا،شاعیر لێرەدا دیدێكی مرۆڤانەی هەیە بۆ ئەو كارەساتانەی بەسەر بەرەی مرۆڤایەتیدا دێن،ئەوباوەڕی وایە دەبێت ئەدەب سنور نەناسێت،بەڵكو لەخزمەت مرۆڤایەتیدا كاربكات،لەڕاستیدا ئەمە كاری ڕاستەقینەی ئەدەبە، هەروەك چۆن شاعیر هەمووئازارەكانی مرۆڤ لەكۆی جیهانداكۆدەكاتەوە، ئەو سنورانەش دەڕوخێنێت ،چونكە

بەسنوری دەستکردیان دەزانێت، لای شاعیر مرۆڤ هەرمرۆڤە وجیاکاری ڕەد دەکاتەوەو دەڵێت :-

ئەی چیا دوورەکان

ئێستابڕوام نەماوە

بەهێڵی سنورەکان

بەمەودای نێوان دووشوێن

بەئەلف وبێ ی جوگرافیا و

نەخشە زەرد وسورەکان

چۆن ئاگرکەسێك بگرێت

منتان گرتووە وەك ئاگر

هەرچەندە بەتاوتر هەڵێم

هەرچەندە دوورتر کەومەوە

دەبینم بڵندترن

گەورەترن ،نزیکترن.[١٦]

لەئەدەبیاتی کوردیدابەگشتی وشیعریش بەتایبەتی دەیان دەقی بەرزی تری تیادایە،کە هاوسۆزی خەباتی گەلانی لە پێناو مافە نەتەوایەتییەکاندا پێکەوە گرێداوە،بەلاَم ئێمە بەتەنیا ئەو دوو شیعرەمان وەك نموونەیەك باسکردووە، ئەگەرنا بەشێکی زۆر ل شاعیرانی نوێخوازی گەلەکەمان هەمان هەڵوێست لەهۆنراوەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە: وەك (ئازاد عبدالواحید) دەڵێت: ((شاعیرە نوێخوازەکان هەر لە سەرەتای گۆڕانکاریەکانەوە هەتا ماوەیەکیش پاش کۆتاییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم شانبەشانی جەماوەرلەمەیدانی خەباتی ئایدۆلۆژی ونەتەوایەتی وهەڵبژاردنی ڕێگاوڕەوتی شۆڕشگێڕانە کاریاندەکرد،تەنانەت وایان لێهاتبو بنەما نەتەوایەتیە کان وکۆمەڵایەتیەکان بوبون بەتەوەری سەرەکی بەرهەمی شیعری زۆربەی شاعیرانی ئەوقۆناغە)[١٧].

**بەشی دووەم:**

## ڕەنگدانەوەی جەنگی ناوخۆلەشیعرەكانی شاعیردا :

### كورتەیەك لەژیان وبەرهەمەكانی شاعیر

شاعیرناوی (عەبدوڵڵا عومەر)لەساڵی ١٩٤٤ لەگوندی (بێركۆت)سەر بەپارێزگای هەولێر چاوی بەژیان هەڵهێناوە، باوكی لەڕێگای ئازادی گەلدا شەهیدكراوە، بۆخۆی چەند ساڵێك لەڕیزی یەكێك لە پارتە سیاسیەكانی كوردستانی باشووردا كاری كردووە ،ئەویش ( پارتی دیموكراتی كوردستان )ە، وەك پێشمەرگایەتی پاشان وازی لەدونیای سیاسەت هێناوەو وەك كەسایەتیەكی سەربەخۆژیاوە، هەروەك خۆی دەڵێت هەڵوێستی سەربەخۆییم وای لێكردبووم كەچەپەكان بەناسیۆنالیستی وناسیۆنالیستەكان بەچەپیان دەزانیم ،ساڵی ١٩٧٣بۆدرێژەدان بەخوێندن وچالاكی سیاسی وڕۆشنبیری چووەتە دەرەوەی وڵات دكتۆرای لەبواری ئەدەبیدا وەرگرتوە لەسەربەرهەمەكانی گەورە شاعیری كورد( پیرەمێرد )،هەتاوەكو ئێستاش لەتاراوگە ژیان بەسەردەبات[١٨]. شاعیر هەتاوەكو ئێستا ئەم بەرهەمانەی پێشكەش بە ئەدەبیاتی گەلەكەمانی كردووە:-

١. ڕۆژ نیە لێتان تورەنەبم .
٢. شەونیە خەوتان پێوەنەبینم .
٣. شەونامەی شاعیرێكی تینو .
٤. سەرەتای براكوژی (١) و(٢) .
٥. بتی شكاو .
٦. فرمێسك وزام .
٧. دوانزە وانەبۆ منداڵان .
٨. كۆمەڵە شیعر .
٩. بروسكە چاندن .[١٩]

لەڕاستیدا هەڵسەنگاندنی شیعرەكانی (عەبدوڵڵا پەشێو)كارێكی زۆرئاسان نیە،چونكە ئەفراندن وداهێنان لەشیعرەكانیدا زۆر فرەلایەن وگشتگیرە،لەڕوانگەی هەڵوێستیشەوە شاعیر هەر لەدەست پێكی بەرهەمەكانیەوە هەتا هەنوكەش خاوەنی یەك دیدگای نەگۆڕە لەڕوانگەی هەستی،نەتەوایەتیەوە،

فرەڕەنگی بەرهەمەكانی شاعیر وا لە خوێنەر دەكات لەكاتی خوێندنەوەی بەرهەمە شیعرییەكانیدا وەك ڕووبارێك بەبێدەنگی زەوی زەرد هەڵگەڕاوی نیشتیمان پاراو دەكات و بۆن ورەنگ بە سروشت دەبەخشێت لەكاتێكی تردادەبێتە بوركانێك و ویژدانی دوژمنان دەكاتەخەڵوز، شاعیر هەرگیزبێ هیوانابێت لەئایندەی گەلەكەی وهەمیشە تیغی زوبانی وەك شمشێرێكی ڕەخنە بەشێوازێكی

زانستیانەئاراستەی دەسەڵاتداران دەكات، ئەو لەهەگبەكەیدا زانست وئاییندەو دونیا بینی نوێی وهەوێنی ئازادی وسەربەخۆیی نەتەوەیی بۆمنداڵانی گەلەكەی هەڵگرتووە،كاتێك شیعر بۆ جوانی ئافرەت دەنوسێت وەك ملوانكە بەگەردنیدا شۆڕدەبێتەوە ،ئەو لەكاتێكدا شیعرێت لە دەقەكانیدا دەتكێت لەهەمان كاتدا تێكستەكانی دەكاتە قەڵغان بۆ پارێزگاری گەل ونەتەوەكەی، شاعیر لەگەڵ ئەوەی خامەی دەستی وەك چەكێك بەكارهێناوە! وەك پێشمەرگەیەكیش تێكۆشاوە بۆپاراستنی سەروماڵی گەلەكەی لەدەستی داگیركەران.

( پەشێوی )شاعیر لەگەڵ ئەوەی لەتاراوگە دەژی،بەڵام هەمیشە خەمی نیشتمانەكەی ئاوێتەی شیعرەكانی كردووەو بۆ ساتێك لەخەمی گەلەكەی دانەبڕاوە بەڵگەش بۆئەوە ڕەنگدانەوەی شعرەكانیەتی، جوانی ئافرەت،سروشتی جوانی كوردستان،كێشەی چینایەتی هەمووی لەماڵی دەقەكانی شاعیردا جێگەیان هەیە، بەڵام سەرچاوەی بنەڕەتی وڕاستەقینەی ( پەشێو ) هەستی نەتەوایەتی وكوردایەتیە . لەدوای ڕاپەڕینەوە شیعرەكانی شاعیرزیاتر زەق بوونەوەی هەستی نەتەوایەتی تیادا بەدی دەكرێت، هەندێكجار هەڵچونەكانی كارلەسەرڕیتم وزمانی شیعریەتی شعرەكانی دەكات، ئەویش خەمی شاعیرەبۆ نەتەوەكەی بەتایبەتی دوای سەدان ساڵ مەینەتی وداگیركاری وخەبات وبەرخۆدان،كەچی ئە نجامەكەی كوردبەدەستی خودی كورددەكوژرێت،چونكەئەولەلای شەرمەلەسەرخاكێ لە هەمان نیشتیمان برابراكەی خۆی بكوژێت،هەربۆیە شاعیر بەشێكی زۆری بەرهەمەكانی تەرخانكردووە بۆشەڕی ناوخۆی وبراكوژی، بۆیەڕێگە بەخۆم دەدەم بڵێم هیچ شاعیرێكی كورد هێندەی پەشێو شەڕی ناوخۆی كوردستان كاری تێنەكردووەو تێكستەكانیش گەواهیدەری ئەوڕاستیەن. هەركاتێك بمانەوێت باس لەدەقی نەمریی شاكاری ئەدەبی بكەین لەئەدەبیاتی كوردیدا ناتوانین لەسەر هۆنراوەكانی شاعیری نەتەوایەتی ( عبدوڵڵا پەشێو ) هەڵوێستەیەك نەكەین ، چونكە شاعیر هەر بەتەنیا گرنگی بەلایەنی هونەری دارشتن ومۆسیقاوجوانی نەداوە، بەڵكو دەقەكانی هەڵكێشراون لەفەلسەفە و مێژوو! یەكێك لەشاكارە نەمرەكانی شیعری كوردی( سەربازی ون )ە، كەدەكرێت جۆرەها خوێندنەوەی فەلسەفی ومێژووی وپاشان ستاتیكی بۆبكرێت ،لەگەڵ ئەوەی بەچەند دێرێكی كورت هەموو ئازارو ئازایەتی ئەم گەلە بەدوونیا ئاشنادەكات كەئەمە شێوازێكی تایبەت بە پەشێو خۆیەتی،كەنەفەسی شیعری كورت وفەزای بیركردنەوەی گەورەیە ، لەهەمان كاتدا زمانی خۆماڵی و وشەی پەتی و وێنەی بەرزو داهێنراو داهێنەرایەتی پەشێو بەرجەستەدەكەن .

بۆ نمونە شاعیر لە( سەربازی ون )دا دەڵێت :

كە وەفدێك دەچێتە شوێنێ

بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون

تاجە گوڵینەیەك دێنێ

ئەگەرسبەی

وەفدێك بێتە ولاَتی من،

لێم بپرسێ :

كوانێ گۆڕی سەربازی ون ؟

دەڵێم :

گەورەم !

لەكەناری هەر جۆگەیێ

لەسەر سەكۆی هەرمزگەوتێ

لەبەردەرگای هەرماڵێ

هەركلێسەیێ

هەرئەشكەوتێ

لەسەر گابەردی هەرشاخێ

لەسەر درەختی هەرباخێ

لەم ولاَتە ،

لەسەر هەر بستە زەمینێ

لەژێر هەر گەزە ئاسمانێ

مەترسە كەمێك سەرداخە و

تاجە گوڵینەكەت دانێ .[٢٠]

ئەگەر بنوارینە ئەم دەقەبەرزە ئەوابەڕوونی خودی شاعیری تیادا دەبینینەوە ،دەتوانین هزری بەرزی شاعیر دیاری بکەین: لەگەڵ ئەوهەموو پیرۆزییەی بەخاکی بەخشیوە، کەخاکی کوردستان وگەلی کوردە ،هەرگیز وەك کەسێکی شۆفێنی ودەمارگیر بیرناکاتەوە، چ دەمارگیری ئایینی یان دەمارگیری نەتەوەیی ،چونکە خەمی شاعیر ئەوەیە بەردەوام خاك پیرۆزتر بکات، بۆنمونە لەهەر ولاتێکی ئەم دونیایەدا گۆڕەپانێك تەرخانکراوە وەك هێمایەك بۆگۆڕی پاڵەوانانی نەتەوەیی و سەروەرانی ڕێگەی خەباتی ڕزگاری،ئەوەی خاڵی وەرچەرخانەلای شاعیرو بەتایبەت لەم شیعرەدا ئەوەیە بست بەبستی خاکی کوردستان پیرۆز کراوەو شوێنێك نیە سەربازێکی ونی تێدا ڕانەکشابێت ، کەواتە هەموو بستێکی ئەم خاکە شایەنی ڕێزلێنان وتاجە ...شاعیر جیاوازییەك ناهێڵێتەوە لەنێوان (مزگەوت وکەنیسە)دا، لەنێوان (ڕەش وسپی)دا...هتد،کەواتە بەدونیای بێگانان دەڵێت کوردستان ومێژووەکەی پڕیەتی لەخەبات وخوێن ڕشتن لە پێناوی مافەکانی نەتەوەیەکدا.

هزرلەم هۆنراوەیەدا تێشوویەکە لێوان لێوە لەمێژوو پڕیەتی لەئایندە،هەر کاتێك گوزەرێك بەناوئەم دەقەدا دەکەین ناکرێت بڵێین کاری ئەدەب بەتەنیا جوانییە، ناکرێت بڵێین ئەدەب بەتەنیا لە پێناوی مۆسیقادایە وئەو چەمکە بەتاڵدەکاتەوە ،کەدەڵێت دەبێت شیعر دابڕین لەکایە کۆمەڵایەتییەکان! کەواتە ئەدەب بەگشتی وشیعر بەتایبەتی وەك هەر کەرەستەیەکی تری ڕێگای خەباتی ڕزگاری ئامادەییەکی گەورەی هەیە، هەروەك (زیرەك کەمال) دەڵێت :- ( پەشێو ،کەشەوەزەنگی فاشیزم بەردیدو بینایمانی لێڵ دەکردوو لێنەدەگەڕا لە ساماڵی نیشتیمان تیشکە زێڕینەکانی خۆر ببینین تۆ بەڕوناکی شیعر سەرزەمینی ئێمەت دەکردە چراخان، کەکورەکەی سەبعەو شمشێر بەدەستەکەی عۆجە دۆزەخی بۆ فریشتەوگوڵە جوانەکانی نیشتیمان ساز دەکرد، شیعرەکانی تۆ دەبوونە پە نجەرەی ئومێد لەوێوە ئاسۆی ئازادی وڕوناکی ئایندەی بۆمان دەبینی )[21] .

هیوای یەکڕیزی ئامانجی نەتەوەیی لەلای ( پەشێو ) خەونێکی بەردەوامە،شاعیر لەهەموو دەرگاکان دەدات بۆگەیشتن بەوخواستە ،هەرگیز پشویەکی کورتیشی نەداوە لە ئەفراندن وتێکستی واقوڕهێنەر، هەمیشە شان بەشانی مەیلە نەتەوەییەکەی بابەتگەلێکی وای بەرهەم هێناوە خوێنەری چێژ بەخش کردووەو هزری فراوان وقوڵتر کردوونەتەوە ،لەشیعری( بۆقەرەچێك )دا ئەوداهێنانە بەرزە بەدیدەکرێت:

بەس تەماشای ناولەپم کە !
خۆمن نامەوێ پێم بڵێ ی ،
دەبم بەباوکی چەند منداڵ ،
زەنگین دەبم ، یان هەروا لات...
تەنیاشتێکم پێ بڵێ :
هەتاماوم وەك تۆ دەژیم
یان دەبمە خاوەن وڵات ؟!٢٢

جەنگی براکان لەکوردستان مێژوویەکی درێژی هەیە،بەلاّم ئەوەی کە هەموو خەڵکی کوردستان بەئاگابوو لێی ئەوەبوو لەساڵی ١٩٩٤ هەڵگیرسا، بەلاّم پەشێو لەشعری (بۆقەرەچێك)،کەلە ساڵی ١٩٨٠دا نووسیویەتی، توشی جۆرێك لەڕەشبینی وبێ هیوای بووە بەهۆی دووبەرەکی نێوان پارتە سیاسیەکانی کوردستانەوە لەوەی کەئایا ئەمانە شایەنی ئەوەن مرۆڤ هیوایان لەسەرهەڵچنێت.

لەلایەکی تریشەوەنەوەستاوەلەوەی کەئیترچۆك بدات وهیوای بەئایندەبڕابێت ،بەاْکودەیەوێت رێگەیەکی تر تاقیبکاتەوە و پەنابۆقەرەچێك دەبات ،دەتوانین لەسێ ڕەهەندەوە خوێندنەوەبۆئەم دەقە بکەین :-

ڕەهەندی یەکەم : شاعیر پەنا بۆ کەسێك دەبات،کەوەکو خۆیەتی،چونکە قەرەچ ئەو کۆمەڵە مرۆڤەن لە هەموو ژیانیدا کۆچەرییەو بێ خاك وئالاّیە !جیهان وەك پارچەزەویەکی بێسنور پێناسە دەکات وەك ئەوەی بڵێت ئەم سنورانە سروشتی نین ودروستکراون .

ڕەهەندی دووەم : جگە لەوەی شاعیر رێگاکانی تری تاقیکردوەتەوە بۆبینینی ئەوڕۆژەی دەبێتە خاوەن وڵات ،بەلاّم ئەمجارەیان پەنا بۆ جادووگەرێك دەبات ودەیەوێت لەوێشەوە بەختی خۆی تاقیبکاتەوە ،چونکە شاعیر لەدۆخێکی وادایە بەلایەوە گرنگە، ئەگەر بەخەیاڵیش بێت پێی بڵێن تۆ دەبیتە خاوەن وڵات . ڕەهەندی سێیەم : دیارە هەرمرۆڤێك کاتێك پەنادەبات بۆفاڵگرەوەیەك هۆکارێکی تایبەتی خۆی هەیە،تابتوانێت لەورێگەیەوە لەرووی سایکۆلۆژییەوە کەمێك ئارامی بۆخۆی دەستەبەر بکات، بەلاّم ئەم بارە لای پەشێو جیاوازە بەهۆکاری ئەوەی شاعیرلەم جارەشدا دیسان خەمی خاك و وڵات پاڵی پێوەدەنێت نەك خواستی تایبەتی خۆی،ئەمەیە نیشتیمان پەروەری وخۆشەویستی خاك لەلای شاعیر دەکاتە ئامانجێکی ڕاستەقینە،بەلاّم ئایا شاعیر ئیتر دەستەوەستان دەوەستێت وهیچ هیوایەکی نامێنێت؟

لەڕاستیدا شاعیرێك تونیەتی بەگڕبشکێت هەرگیز بێدەنگی هەڵنابژێرێت ولافیتەی سپی هەڵناکات ،هەربۆیە لەشیعری(ئالاّ)دا وەك پاڵەوانێکی نەتەوەیی هەمووبەربەستەکان دەشکێنێت وهەمووشتێك دەکاتە قوربانی نیشتیمان ..

دۆستەکانم باش بزانن
دوژمنانم باش بزانن
چەندباوەڕم بەزەردەشت و
بەئاوێستاوبەخوا هەیە
هەزارهێندەش
باوەڕم بەهەڵکردنی ئالاّ هەیە[٢٣]

دیارە لە فەرهەنگی هەرنەتەوەیەکی ئەم دونیایەدا بوونی ( ئالاّ ) هێمایە بۆئازادی وسەرفرازی وسەربەخۆیی،ئەمە جگەلەوەی کەهەمیشە جەنگە ناوخۆییەکان هەنگاوەکانی بەرەو سەربەخۆیی بەردەوام دوور دەخەینەوە، کەترسێکی هەمیشەیی هەیە لەلای( پەشێو)ی شاعیر،لەم شیعرەدا ئاماژە بەهۆکارێکی تر دەدات ،کەلەمێژووی خەباتی گەلی کورددا بۆتە هۆی بەربەست وکۆسپ لەبەرامبەر بوونێکی سەربەخۆی کوردیدا ...ئەویش بابەتی (ئایدۆلۆژیا)یە.بۆنموونە: هەرکاتێك باس (سەلاحەدینی ئەیوبی) دەکرێت لەگەڵیدا ئەوە دێتە باسکردن گوایە ئەو لەبەر خاتری ئایدۆلۆژیا ئاینییەکەی هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی نەداوە لەکاتی خۆیدا، بەلاّم پەشێو زۆر بوێرانە دەنگ بەرزدەکاتەوەو دەڵێت ڕاستە من باوەڕم بەخوداو ئاوێستاو زەردەشت هەیە،بەلاّم ئەگەر ولاّتێکی سەربەخۆم نەبێ ئاین بۆمن هیچ مانایەکی نیە! ئەمە یەکێکە لەو تاییەتمەندیانەی (پەشێو) جگەلەوەی کەسێکی داهێنەرە مرۆڤێکی زۆر ئازاو بوێرە هەروەك خۆی دەڵێت : ((من ناتوانم شیعرێك لەسەر ئازایەتی بخوێنمەوە ئەگەر نووسەرەکەی ترسنۆك بێ ))[٢٤] .

زۆرجار خوێنەرانی پەشێو کە دەقێکی شیعری دەخوێنێتەوە، یان چاوەڕێی دەقێکی نوێی شاعیر دەکەن هێندە بەدوای هەڵوێستدا دەگەڕێن نیوهێندە گوێ بەلایەنی هونەری نادەن، چونکە( پەشێو) هەڵوێست وئازایەتیەکانی لەدەربڕیندا تێکستەکانی جوانترکردووە . هەروەك (کامیل ژیر) دەڵێت : ((عەبدوڵلاّ پەشێو وەکو شاعیرێکی نەتەوەیی بەڕاستی یەکێکە لەو شاعیرانەی لەلوتکەی تەواوی نەتەوایەتیدا ئەسپی خۆی تاوداوەوگۆڕانکاری وگەشەکردن وپێشکەوتنی داوە بەهەڵبەستی کوردی، هەڵبەستەکانی مامۆستا پەشێو جورئەتی زۆری تێدایە، مامۆستا پەشێو ئەمڕۆ یەکێکە لەڕابەرانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی کورد ))[٢٥] . کەواتە ئەوەخاڵێکی بنەڕەتی ترە لەلای (پەشێو)، کەهەر بەتەنیا داهێنەر

نیە ،بەڵكو شاعیرێكی ئازاو بەجەرگە ئەوهەرشتیٚ دەڵێت وبیێباكە، بەلاٚم دەیەوێت لەبەرامبەر نەتەوەو مێژوودا سەربەرز بێت .

پێشتر ئاماژەمان كردكەشەڕی براكوژی زۆر بەشێوەیەكی كارا كاریگەری لەسەر هەست و هۆشی( پەشێو) داناوە ،وەتوشی دڵەڕاوكیٚ وئازارێكی دەروونی زۆری كردووە،هەر بۆیە هۆنراوەكانی فریادڕەسێكە بۆ ڕزگاربوونی( پەشێو) لەو پاڵەپەستۆ دەروونی یەی كەبەهۆی ئەوشەڕەوە تووشی هاتووە كاتێك برا...بەهەموو ویژدان وباگراوەندێكی ڕەوشتی وهەڕەشەی دوژمنانی باوەكوشتەی گەل،دەستی تێدەچێت وبراكەی دەكوژێت، كەلە ڕاستیداهیچ كێشەیەك وهیچ جیاوازیەك ناگاتە ئەوئاستەی كەتێڕوانینێكی واها دروست بكات برابرا بكوژێت،ئەم بارە شاعیر تووشی شۆك دەكات،ناڵە وئاهی جەرگی سوتاوی دایكی پێشمەرگەو زریق وزاقی منالی هەتیوو شاعیرتووشی دڵتەنگی وباری نائاسایی دەروون دەكات وەلەبەرامبەر ئەوجۆرە كردارەدا هەڵوێست وەردەگرێت، چونكەشاعیر شاعیری نەتەوەیەوخۆی بەدڕكی چاوی دوژمنان پیشاندەدات شاعیر ئەوەندە كاریگەری خراپی ئەوبارەكاری تێدەكات هەندێك جار لەدونیای شیعر دور دەكەوێتەوە وپەنا دەباتە بەر( جوێن) دان وبەهەمووجۆرێك ڕقی خۆی ئاڕاستەی سەركردەو سەرانی نەتەوەكەی دەكات،هەرچەندە ئێمە لەم دیاردەیە بدوێین كە شاعیر بۆچی زمانی جنێودانی بەكار دەهێنێت بەلاٚم شاعیر لەوەلاٚمدا دەڵێت :-(( ئەمن لەدۆست وناسیا وئاشناكانم گلەی دەكەم،ئەگینا بەرامبەر دووژمنان دەبم بەگڕ،دەبم بەگولە دەبم بەبۆمبی نێوكاكڵ،ئەریٚ من ڕووی دەمم لەهاوخوێن دەكەم وئەگەرقەراریشە ئەوان لێم بڕەنجێن با بڕەنجێن. ئەگەر سوتاندنی ئاگری شەڕخراپە ،ئەوا خراپەكارم ))[٢٦].وەك لەهۆنراوەی ( غەیب ) دا دەڵێت :-

لەغەیبەوە هاتوومەتەوە
هاتوومەتەوە پێتان بڵێم
ئەم ولاٚتە
قەت بیٚ خرمەخرمی ناڵ و
زرمە زرمی پۆستاڵ نابیٚ
تاكو ئێوە ئەوپردەین.
هەر دیل بوون و هەردیل دەبین
تاچەرجی ودز سەركردەبن [٢٧].

ئێمە ئەگەر لەڕووی شیعری وزمانی شعریەوە سەیری هۆنراوەی ( غەیب ) بکەین، هەندێ لادانی پێوەدیارە ،وەهەڵچونێکی دەروونی زۆری پێوەدیارە،وەهەندێك هۆنراوەی تریشی هەیە بەهەمان شێوە شاعیر زۆر بەتوندی دەدوێت وەك لەهۆنراوەی ( پێڵاو )دا ئەوە دەردەکەوێت ،بەلاَم ( پەشێو ) خۆی ئەوەی بەیان کردووە، کە لە پێناو سڕینەوەی شەڕی براکوژی سەربەستی خاك و نەتەوەکەموو بەرقەرار بوونی ئاشتی گلەیی لەهەمووکەس دەکەم ودەڵێت هەمووکەس دەڕە نجێنم . لەهۆنراوەی ( غەیب )دا پەشێو ئەوەی گرنگ بێت بەلایەوە سەربەستی گەلە .واتە( پەشێو )بەهیچ شێوەیەك خۆی بەهیچ ئایدۆلۆژیایەکەوە گرێ نەداوە جگە لەئایدیایەکی پڕسۆزی نەتەوەیی کەدیارە ئەوەش ئاگادارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، کە دەبێت بەهۆشیارانەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکانی کوردستاندا بکەن ورۆڵ وقسەی خۆیان هەبێت لەبەرامبەر هەموو ڕووداوەکان ،چونکە بەبڕوای شاعیر تەنیامیللەت دەتوانێ چارەنووس ومافی خۆی دیاری بکات .بۆیە لێرەدا پەشێو ڕەشینی خۆی نیشان دەدات بەرامبەرهەرسەرکەوتنێك هەتاوەکو بیری شەڕوشەڕەنگێزی لەناوسەرکردەکانی کوردا وجودی هەبێت. وەڕەشبین دەبێت هەتاوەکو بازرگانەکانی جەنگ خاوەنی بڕیاربن لەم ولاَتەدا.وەلەم هۆنراوەیەدا شاعیرزەنگی ئەوەلێدەدات کەدەبێت میللەت وسەرکردەکانی پشت بەخۆیان ببەستن نەبن بەپردوپیاوی کەسانی دی ،ئەگەرنا ئەزمونی کوردستان بەردەوام لەم جۆرە نەهامەتیانە ڕزگاری نابێت ، هەر بۆیە شاعیر بوێرانە قەڵەمی خۆی تاوداوەو کێشەکانی خستوە تەڕوو .کە بەڕاستی دووپاتی سەربەخۆی خۆی کردوەتەوە لە هەڵوێست ودەربڕینەکانیدا هەروەکو خۆی دەڵێت :- ((من حساب بۆ خەڵك دەکەم نەك دەسەلاَت ،ئەوەی بە خەیاڵمدا نایەت ئافەرین وخەلاَتی دەسەلاَتی سیاسیە ))[٢٨].

پەشێوجارێکی ترلەشیعری ( سەدان ساڵە )دا دووپاتی ئازادی وسەربەخۆی دەکاتەوەو دەڵێت :

سەدان ساڵە
سەدان ساڵە
لەوێرانەی ماڵی خۆمدا
کتکە کوێرەی مەتبەقی سوڵتانم
سەدان ساڵە
حەوش وبەرەی خۆم والاَیە
لەبەردەرگەی دزانی خۆم پاسەوانم
سەدان ساڵە
ڕۆژێك دەبم بەمەیتەری والی بغدا
ڕۆژێك لیفەکەم گەلی ژنی سوڵتان دەشۆم
ڕۆژێك گەسکم شام دەماڵم .[٢٩]

شاعیر زۆر لەسەر بابەتی خۆماڵی دەدوێت بەهەموو بوارەكانیەوە ، زۆر دژی كلكایەتی وپاوان خوازیە، چونكە ئەودەزانیّ كەدەبیّ تەنیاسەربەخۆی بەرەولوتكەی ئامانجت دەبات بۆئەم هەڵوێستەی شاعیر لەژیانی رۆژانەیدا تووشی سەرئێشە وبێزاری كردووە، لەلایەن چواردەورەكەیەوە، چونكە ئەوەڕاستیە كەلەكاتی جەنگی ناوخۆ لەكوردستاندا زۆركەمن ئەو شاعیرو نووسەرانەی كە سەربەخۆی خۆیان پاراستووە. ئەگەرنابەجۆرێك لەجۆرەكانی خۆیان بەیەكێك لەئایدۆژیاكاندا هەڵواسیبوو. بۆیە( پەشێو )یش وەك شاعیرێك وشەكانی .. شیعرەكانی دەوری زۆرگەورەیان بینیوە لەناوەندی رۆشنبیری وگە نجانی ناڕازی ئەم ولاتەدا. ( عەبدوڵلاّ پەشێو ) هۆنراوەكانی وەك وێردی سەرزاری خەڵكی كوردستانی لیّ هاتبوو، دەسەلاّتداران زۆر لەهەڵوێستەكانی شاعیر دەترسان ودەیانزانی كە پەشێو جێگەی خۆی لەناودڵی خەڵكی ناڕازی ئەم كوردستانەدا كردۆتەوە ،شاعیر لەسەر ئەم بۆچوونە دەڵێت :- (( ئەوانەی پیاوی حكومەتی مەركەزی بوون خۆشیان نەدەویستم وە چەپەكانی ئەو سا بەنەتەوە پەرستێكی بیرتەسكی شۆڤێنیان دادەنام – لەملاش لەحیزبەكەی خۆم كشابوومەوەو هەڤالانی دوێنیّ لێم زویربوون ،لەلایەكی تری كوردایەتیش لەبەرهەڵوێستی جارانم هێشتادۆستایەتیان نەدەكردم .وەك نێركەكاردی لەوناوە هەڵتۆقیبووم ! هەریەكە شتێكی لێم دەویست ))[٣٠] .

كەواتە پەشێوبە پێی دەقەكانی لەلایەك و وتەكانی خۆی لەلایەكی دی دووپاتی سەربەخۆیی بوونی شاعیر دەكاتەوەو دیارە بەدەست ئەوبارەوە توشی ئازارودڵ ناڕەحەتی بووەوئازاری بەدەستەوەكێشاوە .

شاعیرلەهۆنراوەی ( تێناگەم )دا جارێكی ترلەسەر براكوژی دەدوێت ودەڵێت :

ڕاستی پەروانەیەكە
گەردەتەویّ پیّ بگەی
داگیرسێنە چراكەت ،
تۆ دیلی ، دیل چۆن دەكوژی
هەی هەزار تف ولەعنەت
لەگەورەی تۆ وبراكەت :
پێشمەرگە پێشمەرگە بیّ
ڕومو سەنگەری برای
چۆن تفەنگ دەخاتە سەرپیّ ؟
تۆ دەزانی ئەوەی كوشتت ،
چی بوو ، كیّ بوو ، پێشمەرگەبوو
پشت وپەناو تێشووی ڕیّ بوو ! [٣١]

پەشێو لەم هۆنراوەیەدا بەدڵێکی پڕ ئازارو پڕاوپڕ لەشکاوی یەوە دەچێتەوە سەر کارو کردەوەی براکوژی زۆرسەیرانە سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕێت لەئاست چەك وگولەو سەربازی کورد ،کەسێك خاوەنی هۆنراوەی (سەربازی ون )بێت چۆن دەروونی نابێتە گرێك بەرامبەر بەگولەیەك سنگی براکەی دەبڕێت . پەشێو دەڵێت کورد چۆن دڵی دێت کوردی برای بوکوژێت ،مەگەر هەردووکیان دیل وبن دەست وستەم لێکراونیین ،مەگەر کوردستانی هەردووکیان یەك کوردستان نی یە، مێژووی هەردووکیان یەك مێژووی سوتاوی پڕ لەئازار نی یە. پەشێو تورە دەبێت ،دادو نارەحەتی وقێزەونی بەسەر کورد کوژاندا دەبارێنیت ،لەگەڵ ئەو هەموو پیرۆزی وگەورەیی وئەمەکەی بۆهێزی پێشمەرگەی کوردستان هەیەتی زۆربەتوندی دەیان داتەبەرتانەوتەشەر وپێیان دەڵێت چۆن مێژووی خۆتان دەسوتێنن. پەشێو لەتاوپەرۆشی بۆگەڕانەوەی ئاشتی وگەڕانەوەی ژیان بۆ هەژارانی فریودراو سەرخۆشکراو بەئایدۆلۆژیا، ناتوانێ بێدەنگ بێت لەئاست ئەوتاوانە گەورەی کەبەرامبەر گەنجانی گەلەکەی دەکرێت ،شۆڕشگێڕانی دوێنێ بوونەتە شۆڕش فرۆشی ئەمڕۆکە هەر بۆیە ناتوانێ بکەوێتە ستایشی لایەنێك ولایەنێکی دی تاوانبار بکا، چونکەئەوشەڕی ناوخۆبەخیانەتی گەورە دەزانێ .بۆیە بێدەنگیش بەڕاست نازانێ و هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت( پەشێو) بێدەنگی بەڕازی بوون وبەتاوان دەزانێ وەك دەڵێت :- ((بێدەنگی مانای سەردانەواندنە ڕازی بوونە بەرامبەر بەهەموو ئەوتاوانانە کە ڕۆژانە دەرحەق بەگەل ونیشتیمانەکەمان ئەکرێت )).[٣٢]

شاعیر لەشیعری ( دووبەرەکیدا ) دەڵێت :-

شەو لەخەوما
ئارامگای حاجیم دیتەوە
چۆکم دا دا
سۆژدەم برد بۆی
گوتم :((حاجی ، پەرێشانین! ))
سەری کزکرد
دەستی دانا سەردڵی خۆی .
گوتی (( مەردبە زیندووم کەوە ! ))
گوتم :((گەورەم ،
من عیسانیم ،
چۆن زیندووت کەمەوە ، بێژە ؟ ))
گوتی :(( لێرە دەرم بێنە،
دوو بەرەکی
لەشوێنەکەی من بنێژە ! )) [٣٣]

لەشعری (دووبەرەكیدا) شاعیر هونەرێكی جوانی شیعری بەكارهێناوە،ئەویش گەڕاندنە وەیە بۆلای شاعیرێكی تر كەلەژیاندا نەماوە ،ئەم جۆرە وێنانە سیماگەلێكن لەلای (پەشێو) زۆر ڕەنگیان داوەتەوە ،ئەم گەڕانەوەیەش بەتەنیا بۆ لایەنێكی هونەری بەكارنەهێنراوە ،بەڵكو هەم جۆرێكە لە نائومێدی، هەم گەڕانەوە بۆلای (حاجی قادر) ئەدگاری تایبەتی خۆی هەیە،چونكە (حاجی) لەلای (پەشێو) وزۆرێك لەشاعیرانی تری كورد، هێمای بەرەنگاری ولوتكەی هەڵوێستی نەتەوایەتیە ،وەخودی (پەشێو)زۆر جار بەهۆی هەڵوێستەكانیەوە بەڕوونی كاریگەری (حاجی)پێوە دیارە بەتایبەتی لەدەربڕینەكانیدا ، بۆ نمونە ئەم ئاماژەدانە بەحاجی لەلای(شێركۆبێكەس) یش،بەهەمان شێوە وەك هێمای (ئازار) بۆخاكونیشتیمان لە(دەربەندی پەپولەدا) دا بوونی هەیە، هەروەك دەڵێت :

ئێوارە ...دوای بانگی برینتان من ئەگەم ...ئێوارە

ئێوارە...دوای شێوی گریاوتان لاتانم ... ئێوارە

كەهاتم

زامێكم لەدوندی ((كەكۆن))ی ((حاجی))دا بۆپێبكەن [٣٤]

بەهەمان شێوە (مارف ئاغایی ) لەدیوانی (زەوی سەخت وئاسمان دوور) دا ،زۆر بە جوانی ئاماژەی بە (حاجی قادر )داوە ، وەك پەیكەرێك كە هێمایە بۆبەرزی خاك وسومبولێك بۆنەتەوە ،كەلەشەڕی ناوخۆدا پەیكەرەكەی دەكەوێتە بەر ڕێژنەی گولەوە

پەیام

لەلای مرۆڤ هیچ

لەلای باڵندەش ئابڕوومان چوو

كاتێك حاجیلەی میوانی پەناقەلای هەولێرمان كوشت

لای زیندوو هیچ

لای كۆچكردووش ئابڕوومان چوو

كاتێك پەیكەری ((حاجی))مان

دابەرگولە . [٣٥]

شاعیر زۆر بەجوانی وێنای حاجی لەقلەقەکەی سەرقەلآی کردووەکەوەك هێمای ئاشتی بەدەستی مرۆڤەکان دەکوژرێت،هەر بۆیە دەڵێت ڕاستە شەڕی براکوژی ئابڕووی لەلای مرۆڤەکان بردووین، بەلآم لەلای باڵندەکانیش ئابڕوومان تکاوە. لەکۆتایدا ئەوە دەڵێین ،کە ئەو هەستەی لای ( پەشێو )دروست بووە هەستێکی ڕووکەش ودروستکراونیە،بەڵکو ڕەنگدانەوەی ڕاستی وڕاستەوخۆیی دەروون وویژدانی شاعیرە بۆ ئەو دۆخە نالەبارەی،کە نیشتیمان وگەلەگەی تێکەوتبوو بەهۆی جەنگی براکانەوە هەروەك پەشێو خۆی دەڵێت :- ((براکوژی تاوانێکی هەرەگەورەیە بەرامبەر بەدۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان ئەنجامدراوە. دڵنیام ،نەوەکانی داهاتوو پاکانە بۆهەڵوێستی توندم دەکەن ،کەسالآنێکی دوور و درێژباجەکەی بەزێدەوە دەدەم )) [٣٦]

کاتێك وەك خوێنەرێکی بەرهەمهێن سەیری دەقەشیعریەکانی دەکەین ،ئەوا بەڕاستی هەست بەو بوونە ڕاستەقینەی شاعیردەکەیت ،هەست دەکەیت کەپیاوێکی ماندوبەخەمی نیشتیمان لەنێو یەك یەك دێڕە شعریەکانی ڕاکشاو

## ئەنجام :

١. ئەوەی ( عەبدوڵلاّ پەشێو ) لە زۆربەی شاعیرانی تر جیادەکاتەوە ،زۆری بەرهەمە شعریەکانیەتی کە بۆ جەنگی ناوخۆی نووسیوە ،لەلایەکی تریش شاعیر بەدرێژای مێژووی تەمەنی هەتا هەنوکەش خاوەن هەڵوێستێکی نیشتیمانی ونەتەوەیی نەگۆڕە

٢. لەشیعرەکانی پەشێودا خوێنەر ڕاستەوخۆ هەست بەڕاستگۆیی شاعیر دەکات لەناو خودی شیعرەکانیدا ، کەئەمەش شێوازێکی تایبەتی پەشێوە ، لەڕێگەی بەکارهێنانی وشەو دەستەواژەی کاریگەر وراچڵەکێنەرەوە .

٣. ئەدەب بەگشتی وشیعر بەتایبەتی، لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەهەست وئەندێشەی خودی نووسەرەوە هەیە ، بەلاّم دانەبڕاوە لە کاریگەریەکانی کۆمەڵ و ئامادەیی بەردەوامی هەیە لە ڕووداوە مێژوویی وکۆمەلاّیەتیەکاندا .

٤. ئەدەب هەربەتەنها کاریگەری لەسەر هەست وسۆزی خوێنەردا نانێت ، بەڵکو لەمەیدانی پراکتیکیشدا بە هەردوو باری ( باش و خراپ ) کاریگەری لەسەر بیری مرۆڤەکان دادەنێت .

٥. جەنگ هەر بەتەنها کار لە پەیوەندییە کۆمەلاّیەتی وسیاسی و ئابوورییەکان ناکات ، بەڵکوزۆرجار کاریگەری لەسەر زمانی ئەدەبی وشیعری جێدەهێڵێت وبەرگێکی جیاواز بەبەریاندا دەکات .

٦. جەنگی ناوخۆ حەتمیەتێکی مێژووییە ولەقۆناغێك لەقۆناغەکانی گەشەی هزری کۆمەلاّیەتیدا ڕوودەدات ، بە پێی هەلومەرجی تایبەتی کۆمەڵەکان .

## پەراوێزەكان

١- جەنگی ناوخۆ ،بورهان قانع، چاپی یەكەم ،بەبێ چاپخانە ،١٩٩٣ ،ل ١٠.
٢- جەنگی ناوخۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠
٣- سەرچاوەی پێشو ، ل١١.
بە پێویستمان زانی ئەوە ڕونبكەینەوە بۆوشەی( جەنگ )مان لەبری وشەی( شەڕ) بەكارهێنا، هەرچەندە وشەی جەنگ زیاتر بۆ جەنگە نێو دەوڵەتییەكان وەك جەنگی جیهانی یەكەم ودووەم بەكارهاتووە،دەكرابڵێین ( شەڕی ناوخۆ ) بەلام بۆیە ( جەنگ )مان بەكارهێنا لەبەر ئەوەی وشەیەكە زیاترلەمیدیاوڕۆژنامەوگۆڤارەكاندابەكارهاتووە ،لەلایەكی تریشەوە بەكوردی ترمان زانی هەروەك لەشێوەزاری گۆرانی دا بەكارهاتووە ،تەنانەت بەدەمەقاڵەی نێوان دووكەسیش دەڵێن جەنگ، لەلایەكی تریش لەزمانی عەرەبیداو شەی( حرب )بۆهەردوو بارەكە بەكارهاتووە وەك ( الحرب العالمی )و( الحرب الاهلی ) بۆیە ئێمەش جەنگی ( ناوخۆمان ) بەكارهێنا .
٤- فەلسەفەی سارتەرو خوێندنەوەیەكی نوێ. محمدكمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،٢٠٠٣،ل١٤٩.
٥- تحليل الخطاب الشعری علی ضوء المناهج النقدية الحديثة ، محمدالعزام،اتحاد الكتاب العرب،دیمشق،٢٠٠٣،ل٢٣٠.
٦- نقدالشعرالعربی الحديث فی العراق من١٩٢٠-١٩٨٥،عباس توفيق،دارالرسالة،١٩٨٧،ل١٥٨
٧- بين الفلسفة والادب،سارتر ،ت: مجاد المنعم مجاهد،منشورات دار المكتب الحيات،بيروت،١٩٧٥،ل١١٣.
٨- ڕوانگەیاران ونەیارانی ،حسین عارف،چ( ١ )،چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم ،سلێمانی،٢٠٠٥،ل٣٧
٩- محمود دەروێش، ئا:گۆڤاری سبەی ،ژمارە ( ١ ) ،جۆزەردانی ١٩٩٣ ،ل ٩٣.
١٠- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٣.
١١- د.یوسف سەلامە ،گفتوگۆ ،گۆڤاری ڕەهەند ،ژ ( ١٤-١٥ ) ،٢٠٠٣،ل٢٤٢.
١٢- لەستایشی ئەدەبدا ،بێن ئۆكری ،و:شێرزادحەسەن ،چاپ وبلاوكراوەی ئاراس ،هەولێر،٢٠٠١،ل١١٥.
١٣- د.یوسف سەلامە، گفتوگۆ ،گۆڤاری ڕەهەند ،ژ( ١٤-١٥ ) ،٢٠٠٣ ،ل٢٤٢.
١٤- دیوانی شێركۆ بێكەس، بەشی دووەم_ستۆكهۆڵم، ١٩٩٢ ،ل ٣٨٥.
١٥- ڕوانگەیاران ونەیارانی ،حسین عارف،چ١،چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی ،٢٠٠٥، ل١٧-١٨.
١٦- شەونی یە خەوتان پێوەنەبینم، عەبدوڵلا پەشێو ،چ ١ ،چاپخانە( ئینتشاراتی سەقز )،١٩٨٠ ،ل ١٠٠-١٠١.
١٧- نوێكردنەوە لەشیعری كوردیدا دوای جەنگی یەكەمی جیهانی تاساڵی ١٩٧٠، ئازاد عبدالواحید كریم

، نامەی ماستەر ،کۆلێژی پەروەردە ،زانکۆی بەغداد ، ١٩٩٥ ،ل ٣٠.

١٨- ڕاڤەی شیعرەکانی عەبدوڵلا پەشێو، جیهانگیر غەفاری ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی (گەنج) ،سلێمانی، ٢٠٠٢ ، ل١٠.

١٩- سەرچاوەی پێشوو ،ل ١١.

٢٠- شەونیە خەوتان پێوە نەبینم ، عەبدوڵلا پەشێو ،چ١ ،چاپخانەی ئێرشاداتی سەقز ، ١٩٨٠ ، ل ١٣٢.

٢١ - پەشێو وهەڵوێست، زیرەك کەمال ،ڕێگای کوردستان ،ژمارە ٧٦٦ ، ٢٠٠٧.

٢٢- بروسکە چاندن ،عە پەشێو، چ٢ ،چاپخانە ی ڕوشنبیری – هە ولێر ،٢٠٠١،ل٥٧

٢٣- دیوانی عەبدوڵلا پەشێو، چاپی یەکەم ،بەبێ ناوی چاپخانە ،سوید ،٢٠٠٢ ،ل ١٥٢

٢٤- گوتوبێژ ، زیاد ڕەشاد قادر، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ڕۆژهەلات ،هەولێر ، ٢٠١٠ ،ل ٤.

٢٥- شاعیر –ستراتیژ –تاکتیك ، ئەحمەد تاقانە ، گۆڤاری کاروان ،ژمارە (١٦٨) ، کانونی یەکەم ، ٢٠٠٢ ،ل ٧٠.

٢٦- کەناڵی میدیا ،ساڵ ١٩٩٤ .

٢٧- هەسپم هەورە وڕکێفم چیا ، عەبدوڵلا پەشێو،١٩٨٠ -٢٠٠٥، چاپی یەکەم ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ،هەولێر، ٢٠٠٦، ل٤٤٠.

٢٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ پەشێو ،ڕۆژنامەی میدیا ،ژمارە( ١٤٢ )،٢٠٠٣ ،ل ٩.

٢٩- دیوانی عەبدوڵلا پەشێو، کۆمەڵە شیعر ،چاپی یەکەم ،٢٠٠٢ ، ل ٢٤٤ .

٣٠- مەلەفی تایبەت بە پەشێو ،گۆڤاری ڕامان ،ژمارە (٧٨) کانونی یەکەم ، ٢٠٠٢ ، ل ٧٥.

٣١- دیوانی عەبدولا پەشێو ، چاپی یەکەم ، سوید ، ١٥٥- ١٥٦.

٣١- ڕاڤەی شعرەکانی پەشێو ، جیهانگیر نمەفاری ،چ ١، چاپخانەی گەنج ،٢٠٠٢ ، ل١٦٤

٣٢- بروسکە چاندن ،عەبدوڵلا پەشێو ،چ ٢ ،چاپخانەی ڕۆشنیری- هەولێر ، ٢٠٠١ ، ل١٧٧ .

٣٣- دەربەندی پەپوولە ، شێرکۆ بێکەس ، چاپی دووەم ، سلێمانی ، ١٩٩٨ ،ل ١٦١-١٦٢.

٣٤- زەوی سەخت وئاسمان دوور ،دیوانە شیعر ،مارف ئانمایی ،چاپی یەکەم ،چاپخانەی شوعاع- تەورێز ، ١٣٧٧ ، ل ١٤٧-١٤٩.

٣٥- هەسپم هەورە وڕکێفم چیا ، عەبدوڵلا پەشێو ، ل ٤٠٠ .

## سەرچاوەكان :

### سەرچاوەكان بەزمانی كوردی

**١- كتێبەكان :-**


* جەنگی ناوخۆ ،بورهان قانیع ، چاپی یەكەم ، بەبێ ناوی چاپخانە ،١٩٩٣ .
* ڕوانگە یاران ونەیارانی ، حسێن عارف ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی سلێمانی ، ٢٠٠٥ .
* ڕاڤە شیعرەكانی عەبدوڵلا پەشێو ،جیهانگیر غەفاری ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی (گەنج ) ،سلێمانی، ٢٠٠٢ .
* فەلسەفەی سارتەر وخوێندنەوەیەكی نوێ ، د.كەمال محمد ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠٠٣ .
* گوتوبێژ ، زیاد ڕەشاد قادر ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی ڕۆژهەلاَت –هەولێر ،٢٠١٠ .
* لەستایشی ئەدەب دا ، بێن ئۆكری ، وەرگێڕانی :شێرزاد حەسەن ،چاپ وبلاَوكراوەی ئاراس-هەولێر ، ٢٠٠١ .

**٢. گۆڤار وڕۆژنامەكان :**

* پەشێو وهەڵوێست ، زیرەك كەمال – هەفتەنامەی (ڕێگای كوردستان ) ، ژمارە ( ٧٦٦ ) ، ٢٠٠٧ .
* چاوپێكەوتن لەگەڵ عەبدوڵلا پەشێو ، ئامادەكردنی ڕۆژنامەی میدیا ،ژمارە (١٤٢ ) ،٢٠٠٣ .
* د.یوسف سەلامە ، گفتوگۆ ، گۆڤاری ( ڕەههەند ) ، ژمارە (١٤-١٥ ) ، ٢٠٠٣ .
* شاعیر-ستراتیژ – تاكتیك ، ئەحمەد تاقانە ، گۆڤاری كاروان ، ژمارە ( ١٦٨ ) ، كانونی یەكەم، ٢٠٠٢
* محمود دەروێش ، ئامادەكردنی گۆڤاری ( سبەی ) ،ژمارە (١) ، جۆزەردانی ١٩٩٣ .
* مەلەفی تایبەت بە عەبدوڵلا پەشێو ، گۆڤاری ڕامان ،ژمارە ( ٧٨ ) ، كانونی یەكەم ، ٢٠٠٢ .

**٣. دیوانەكان :**

* بروسكەچاندن ، دیوانە شیعر ، عەبدوڵلا پەشێو ،چاپی دووەم ، چاپخانەی ڕۆشنبیری-هەولێر، ٢٠٠١
* دیوانی شێركۆ بێكەس ، بەشی دووەم ، ستۆكهۆڵم ، ١٩٩٢ .
* دیوانی عەبدوڵلا پەشێو ،چاپی یەكەم ، بەبێ ناوی چاپخانە –سوید ،٢٠٠٢ .
* دیوانی عەبدوڵلا پەشێو ،كۆمەڵە شیعر ،چاپی یەكەم ،بەبێ ناوی چاپخانە ، ٢٠٠٢ .
* دەربەندی پەپولە ،شێركۆ بێكەس ،چاپی دووەم ،سلێمانی ،١٩٩٨ .
* زەوی سەخت وئاسمان دوور ، دیوانە شیعر ،مارف ئانمایی ،چاپی یەكەم ، چاپخانەی (شوعاع)-تەورێز ، ١٣٧٧ .

* شەونیە خەوتان پێوە نەبینم ، دیوانەشیعر ، عەبدوڵلا پەشێو ، چاپی یەکەم،(ئینتیشاراتی سەقز)، ١٩٨٠.

* هەسپم هەورەو ڕکێفم چیا ، عەبدوڵلا پەشێو ، شیعر ، ١٩٨٠-٢٠٠٥ ، چ١ ، چ. وەزارەتی پەروەردە – هەولێر ، ٢٠٠٦

٤-نامەی ماستەر ودکتۆرا :

* نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا دوای جەنگی یەکەمی جیهان تاساڵی ١٩٧٠ ، ئازاد عبدالواحید کریم ، نامەی ماستەر ، کۆلێجی پەروەردە ، زانکۆی بەغداد ،١٩٩٥.

٥-کەناڵ وسایتە کوردییەکان :

* چاوپێکەوتن لەگەڵ عەبدوڵلا پەشێو ، کەناڵی میدیا تیڤی ، ١٩٩٤ .

سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی :

* بين الفلسفة والادب ، سارتر ، ترجمة: مجاهيد عبدالمنعم مجاهيد ، منشورات دار المكتب الحيات- بيروت ،١٩٧٥

* تحليل الخطاب الشعرى على ضوء المناهج النقديية الحديثة ، محمد عزام ، اتحاد الكتاب العربى ، ديمشق ، ٢٠٠٣ .

* نقد الشعر العربى الحديث فى العراق من ١٩٢٠-١٩٨٥ ، عباس توفيق ،دار الرسالة ، ١٩٨٧ .

**ملخص البحث**

إن محتوى البحث يتداول الحرب الأهلية إذ أن هذا النوع من الحرب كحتمية تأريخية لها خلفية وجذور طويلة لدى الأمم والشعوب وإن الشعب الكوردي من بين هذه الشعوب مرت بهذا الحرب وجاءت عليها الويلات والنكبات.

قسمت البحث إلى قسمين :

قسم نظري حول الحرب وعرفناه بعدة تعاريف.

وقسم عملي حيث قمت بتحليل مباشر لشعر الشاعر ( عبدالله بەشێو ) مع تحديد موقف الشاعر تجاه هذا الحرب.

اتبعت في كتابة هذا البحث المنهج ( الوصفي التحليلي ) مع بيان دور الأدب تجاه هذه الظاهرة لأن الأدب له حضور واقعي اجتماعي مع جميع الأحداث وله التأثير عليها.

وسبب اختياري للشاعر ( عبدالله بەشێو ) في هذا البحث لأنه خصص نسبة كبيرة من شعره للحرب الداخلية مقارنة بالشعراء الآخرين وفي الوقت نفسه هو صاحب موقف وطني مشرف ثابت.

## Abstract

This research paper deals with the civil war, since this kind of war has a firm background and deep roots in the history of nations. Among these are the Kurdish people who went through this war and faced many horrors and calamities.The study is divided into two sections:

A theoretical section about this war which is the researcher identified the term by presenting several definitions.

A practical section which the researcher analyzed the poems of (Abdullah Pashew) and identified the poet's attitude towards this war.

The researcher followed a descriptive and analytical approach in writing this research paper. Moreover, he indicated the role of literature in this phenomenon because literature has a realistic and social presence in all the events and has an influence on them.

The reason behind choosing this poet, Abdullah Pashew, in this research is that he devoted a large proportion of his poems to interior war compared to other poets. At the same time, he has a national, moral and fixed attitude.